# کتیبی

# رەحمی خودا بەرامبەر بەندەکانی

نوسین و ئامادەکردن ..ئەحمەد شایان

بسم اللّٰه الرحمن الرحيم

بەناوی خودای گەورە و میهرەبان خوینەرە ئازیزەکان. لەم
کتیبەدا باس لە رەحم و بەزەی خودا دەکەین بەرامبەر بە
ئیمەی مرۆڤ بەکورتی باسمان کردوە هەرچەندە رەحمی
خودا زۆر لەوە زیاترە لە چەندەها کتیب باس بکریت.
بەپیویستمان زانی هەندیک زانیاری دابنین بۆ ئیوەی ئازیز.
خودا رەحمی زۆرە بەرامبەر بە ئیمەی مرۆڤ کاتیک هەلەیەک
یان گوناهی دەکەین با بتوانین بە زووی داوای لیخوشبون
بکەین و بکەوینە بەر رەحم و بەزەی خودای گەورە.

خودای گەورە لە هەمووومان خۆشبییت

امین اجمعین

سەرەتا بەناوی خودای گەورە باس لە رەحمی خودا دەکەین بەرامبەر ئیمە.

شەرم لە باشی خودا و خراپی خومان دەکەم. خودای گەورە

گفتوگۆی نیوان بەندە و خودا

خودا دەفەرموی.بەندەی من شەوان ١١ رکات نویژ بکە

بەندە دەلیت خودایە شەکەتم و ماندوم ناتوانم

خودا دەفەرموی/تەنها ٣ رکات نویژ بکە

بەندە دەلیت /خودایە زۆر هیلاکم ناتوانم

خودا دەفەرمووی /پیش خەوتن تەنها ٣ رکات نویژ بکە

بەندە دەلیت /٣ رکات نویژ زورە ناتوانم

خودا دەفەرمووی/تەنها یەك رکات نویژ بکە

بەندە دەلیت/خودایە ئەمرۆ زۆر ماندو بوم ریگەیەکی ئاسانتر نیە

خودا دەفەرموی /پیش خەوتن دەست نویژ بشۆ و روو لە ئاسمان بکە و لەکەلم بدوی و دوعا بکە

بەندە دەلیت /خودایە ئەگەر ئیستا لەسەر چیگاکەم

هەستم خەوم ليناكەويتەوە

خودا دەفەرموی/هەلمەستە و لە شوینی خوت دەستەکانت

بەرز بکەوە و لەکەلم بدوی

بەندە دەلیت /خودایە هەوا ساردە ناتوانم دەستەکانم لە

چیگا دەربکەم

خودا دەفەرمووی/تەنها لە دلەوە لەگەلم بدوی. دەفەرموی

من بە شەونویژ بوتی حساب دەکەم.

بەندە/بەبی ئەنجامدانی ئەوەش دەخەویت

خودا دەفەرمووی /فریشتەی من ببینه چەند ئاسانم کرد بوی

ئەو ئەنجامی نەدا و خەوت وا خەریکە رۆژ دادیت و هیجی

لەکەلم نەوتوە/خودا بە فریشتە دەفەرموی دەلیت برۆ بو

خەوی بەیانی بیداری بکە و خەبەری بکەرەوە

فریشتە دەلیت/خودایە بیدارم کرد بەلام خەوی لی کەوتەوە

خودا دەفەرموی/دیسان بەئاگای بینەوە من هیشتا چاوەری

ئەوم

فریشتە دەلیت /دیسان بیدارم کردەوە بەلام خەوتەوە

بەندە گوێبیستی بانگی بەیانی بو بەلام هەر لە

ناوچیگاکەی مایەوە تا خۆرهەلهات

خودای گـەورە دەفەرموی. بەندەی من ئەوە خۆر لە خۆر هەلهاتەوە دەرکەوت تا ئەم کاتەش چاوەریت بوم بەلام تو هەر لە ناو چیگـاکەت مایتەوە بەبی ئەوەی هیچ لەکەل من بلیت

فریشتە دەلیت. /خودایە دەتەویت بیبەخشی

خودا دەفەرمووی/ئەو جگـە لە من کەسی تری نیە بەلکو تەوبە بکات

بویە خوینەری ئازیز. هیچ کەسیک نیە جاوەری تۆ بکات. جاوەری داوای لیبوردنی تۆ بکات جگـە خودای میهرەبان بۆیە تاکو زووە داوای لیخوشبون بکە و لیت خوش دەبیت

کاتێک ئیمەی مرۆڤ نیعمەتێک لە نیعمەتەکانی خودا دەخۆین

و شوکرانەی ناکەین

زەوی بەخودا دەڵێت دەڵێت خودایە ڕێگەم بدە با

نەوەی ئادەم قوت بدەم جونکە نیعمەتی تۆی خوارد و

شوکرانەی نەکردی

ئاسمان دەڵێت ڕێگەم بدە با بکەومە سەر نەوەی ئادەم و

پانیان بکەمەوە جونکە نیعمەتی تۆی خوارد و شوکری نەکردی

دەریاکان دەڵین خودایە ڕێگە بدە نەوەی ئادەم نقوم بکەم

نیعمەتی تو دەخون و شوکرت ناکەن

خودای بەرەحم و میهرەبان بەهەموویان دەفەرموی

واز لە من و دروستکراوەکانم بینن جونکە ئەگەر ئیوە

دروستان کردبا بەرەحم و بەزەی دەبون بویان

ەر تەوبە بکەن من خوشەویستیانم. ئەگەر تەوبەی ئە

نەکرد من دکتوریانم.

خودای بەرەحم و میهرەبان. لەکەل ئیمەیە بەلام ئیمە ئەو

خودایە بەرەحمەمان وت کردوە هەر هەوایەك هەلی دەمژی

هەر شتیك کە دەیخۆی شوکری خودا بکە و تەوبە بکەین تاکو

لە خوشەویستان بین

وۆی خودا و موسا (صلی اللّٰه علیه وسلم)فتو

موسا فەرمووی خودایە ئادەمت دروست کردوە بە دەستی

خوت وە لە روحی خوت فوت پیدا کردوە وە سوجدەی ریزت

به هەموو مەلائیکەتان برد بۆی وە ناردووتە بەهەشت وە

تەوبەکەیشت قبول کرد پاشان ئەو جۆن دەتوانی

سپاسگوزاری نیعمەتەکانت بیت

خودای گەورە پێی فەرمووئەی موسا بەس بو بۆ ئادەم وتی/

(الحمدللّٰه رب العالمین)

پاشان موسا فەرموی خودایە ئەگەر بەندەیەکت لە رکوع/

دابیت و بلیت (یا رب)جی پێی دەلیت

خودایە گەورە فەرمووی پێی دەلیم بفەرموو بەندەکەم/

موسا فەرمووی ئەی ئەگەر لە سوجدە وتی/

خودا فەرمووی /دەلیم بفەرموو بەندەکەم

موسا فەرمووی /ئەی ئەگەر زوریش کوناهبار بو؟

خودای گەورە فەرموی /پێی دەلیم بفەرموو. بفەرموو بفەرموو

لیرەدا دەبیت بزانین جەند تاوانت زۆر بیت هەموو دونیا تاوانی تۆ بیت. تۆ خودایەکت هەیە کە دەتوانی لە هەموو تاوانی تۆ خوشبیت و پاك دەبیتەوە بۆیە هیچ کاتیک تەوبەکانت دوا مەخە

رەحمی خودا بەرامبەر ئومەتی محمد(صلى الله عليه وسلم )

کاتیک بیغەمبەر موسا تەوراتی وەرکرت فەرموی /خودایە لیرە ئومەتیک نوسراوە کە پارویەك نان بخۆن ئەوا تۆ لە گوناهیان خۆش دەبیت لەبەر ئەوەی دەست بە خواردن دەکەن دەلین(بسم اللّٰہ) وە کۆتای پیدەهینن بە (الحمدللّٰہ) فەرمووی خودایە با ئومەتەکەی من بیت

خودای گەورە فەرمووی /ئەی موسا ئەوانە ئومەتی محمدن (صلی اللّٰہ علیە وسلم )

موسا فەرمووی/خودایە لە تەورات ئومەتی دین ئەگەر ویستی تاوانیك بکات و نەیکرد و وازی لیهینا لە ترسی خودا کردەوەیەکی چاکیان بو دەنوسی فەرموی خودایە با ئومەتی من بن

خودا پـێی فەرموو /ئەی موسا ئەوان ئومەتی محمدن

موسا فەرمووی /لە تەورات بینیم ئەگـەر یەکیکیان نیەتی کاریکی چاکی هینا و نەیکرد تۆ چاکەیەکی بۆ دەنوسی وە ئەگـەر کردی ١٠ چاکەی بۆ دەنوسی تاوەکو حەوت سەد ئەوەندە با ئومەتی من بیت خودایە

خودای پـێی فەرموو /ئەی موسا ئەوان ئومەتی محمدن

موسا فەرمووی /خودایە منیش بکە یەکیک لە ئومەتی محمد(صلی اللّٰه علیه وسلم)

موسا (علیه سلام)ئاوات دەخوازیت لە ئیمە بیت لەو ئومەتی کەوا خودا سەربەرزی کرد بە محمد (صلی اللّٰه علیه وسلم )

نان دەخۆیت خۆمان تیر دەبین کوناحمان لی دەروات بو

کاریکی خراپ برۆین و نەیکەین کوناحمان لی دەروا و چاکەمان

بو دیت وە نیەتی کاری چاکت بو نەتکرد خیرت بو دیت وە

ئەگەر کردت ١٠ چاکەت بو دەنوسری تاکو حەوت سەد

ئەوەندە. الله اکبر هەموی بەزەی و رەحمەتی خودایە بە

سەرمانەوە کەسمانیش ئاگامان لی نیە

بیغەمبەر(صلی الله علیه وسلم)دەفەرمووی لە رۆژی قیامەت دا

پیاویک دینن هەموو کردەوەکانی کۆ دەکەنەوە گوناحی

یەکجار زور کەسەکە قابیلی دۆزەخ دەبیت پی دەلین بچۆ

دۆزەخ کابرا سەری سوردەمینی. خودای گەورە مەلائیکەتی

دەنیری دەلیت لی بپرسە بوجی وا سەری

سورما..مەلائیکەتەکە پی دەلیت تۆ حساباتت بۆ کراوە

کەس غەدری لی کردووی کەس شتی زیادەی لەسەرت

نوسیوە. دەلیت نەخیر دەلیت هەست ئەکەی زولمت لی

کرابی بە ناهەق بتخەنە دۆزەخ دەلیت نەخیر اینجا دەلیت تۆ

مستەحەقی دۆزەخی دەلیت بەلی مستەحەقی دۆزەخم دەلیت ئەی بۆجی سەرت سورماوە. دەلیت یانی من ئەوەندە خراپ بوم تۆزی رەحمی خودام بە دەست نەهینا

دەلیت لە دونیا قەت گومانم وانەبو خودا بمخاتە دۆزەخ وەلاهی هەر دەموت ئەمخاتە بەهەشتەوە. جونکە زور بەرەحمە

خوای گورە بە مەلائیکەت دەفەرمووی/بیخەنە بەهەشتەوە جاوەری رەحمی منی کردوە منیش رەحمی بیدەکەم

بیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم )لەکەل صحابەکان بەریگادا دەروشتن و دایکیکی بینی مندالەکەی لی ون بو بو کاتیک

دۆزیوە ڕاوەشیکی توندی ڕیدا کرد فرمیسکی خۆشی لە چاوانی دەهات ڕیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) رووی کردە صحابەکان و فەرمووی ئەکریت ئەم دایکە ئەو مندالەی خۆی فری بداتە ناو ئاگرەوە صحابەکان بەسەرسورمانەوە وتیان نابی شتی وا جۆن دەبیت فەرمووی دەی سویند بەخوا. خودا لەم دایکە بەرەحمترە بەرامبەر بەندەکانی

خودای گەورە لە حەدیپی قودسی دەفەرمووی

سویند بە شکۆ و عزەتی و مەزنی خۆم هیچ بەندەیەك نامرینم لە دونیا کە خۆشم بویت و بمەوی رەحمی ڕیبکەم تا جەستەت بکەم بە ئازار و ژانیك لە بری هەر خراپەیەك کە کردویەتی یانیش رزق و رۆزی لی کەم دەکەمەوە یان ژیانی تەنگ و تەسك دەکەم یانیش توشی بەلایەکی بکەم لە مال و منالی تا وای لیدەکەم بەقەدەر یەك زەرەیەك تاوانی نامینی

ئەگەر کوناحی مابو لە سەرەمەرك لیی قورس دەکەم کە

گەشتە بینینی من وەك ئەو رۆژەیە کە تازە لە دایك بوبیت

واتا هیج گوناحیکی نەماوە

بۆیە ئەگەر توشی نارەحەتیە یان نەخوشیە بوی یانیش

ژیانت سەخت بو دل تەنگ مەبە و دلخوش بە خودا خۆشی

دەویت و دەیەوی رەحمت پیبکات

خودای گەورە دەفەرمووی

ئەی جبریل بەندەکەم لیم دەپاریتەوە؟

جبریل فەرمووی /بەلی پەروەردگار

خودا فەرمووی/ئایە بەندەکەم سورە لەسەر داواکەی؟

جبریل فەرمووی/بەلی پەروەردگار

خوای گـەورە فەرمووی /ئەی جبریل ئەم گـرفتەی بەندەکەم دوادەخەم جونکە پـیم خوشە گـویم لە دەنگـی بیت.

کاتیک داوای شتیك لە خودای گـەورە دەکەی دوای دەخات خودای گـەورە پـی خوشە گـوی لیت بیت. وە ئەگـەریش ریکنەکەوت خۆت بیتاقەت مەکە و خوت مەدە بەدەستەوە خودای گـەورە باشترینی بو داناویت

بیغەمبەر(صلی اللّٰه علیه وسلم)فەرمووی. شەیتان بەخوای گـەورەی وت سویند بەگـەورەی و شکۆی تۆ خودایە. هەتا مرۆڤـەکان روح لە جەستەیان مابیت دەبیت فریویان بدەم و سەریان لی بشیوینم

خودای گـەورەش فەرمووی. سویند بە کەورەی خۆم و شکۆی خۆم هەتا ئەوان داوای لیخوشبون بکەن من لیان خۆش دەبم

هەرکاتیک تاوانیکت کرد خیرا داوای لیخوشبون بکە خودای گەورە بەرەحمە و لیت خۆش دەبیت ئەگەر تاوانەکەت هەرچیەک بیت لە رەحمی خودا بی ئومید مەبە

یک بیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم)مردویەکیان هینا □رۆ نویژی لەسەر بکەن. عمری کوری خەتاب فەرمووی ئەی پیغەمبەر نویژ لەسەر زیناکاری دەکەیت پیغەمبەر (صلی اللّٰه علیه وسلم) فەرمووی یا عمر یاعمر. وللّٰه تەوبەیەکی کردوە ئەم مردوە ئەگەر دابەشی سەر ٧٠ خەلکی مەدینەی بکەی بەشیان دەکات و خودا لیان خۆش دەبیت

نەکەیت تاوانەکەت گەورەبکەی خودا بەرەحمە لیت خوش دەبیت تەنها تۆبە بکە و بگەریرەوە بولای

يغەمبەر (صلى اللّٰه عليه وسلم)فەرمووی خودا دەرگایەکی 

دروست کردوە دوری نیوان ئەم دەرگایە ٤٠ هەزار سالە

خودای گەورە بەکراوەی لیی گەراوە بۆ تەوبەکاران لەو

رۆژەی کە ئاسمان و زەوی دروست کردوە خودای گەورە

ئەم دەرگایە داناخات تاکو رۆژی قیامەت دیت

ئیستا درەنگ نیە مادام هەناسە لە جەستەت ماوە تەوبە بکە

و بگەریوە تاوەکو خودا لیت خوشبیت

خودای گەورە پیمان دەفەرمووی/بەندەکانم نویژ بو نویژ

گوناحەکانت دەسرمەوە. جمعە بۆ جمعە گوناحی

هەفتەکەت بو دەسرمەوە رەمەزان بۆ رەمەزان گوناحی

سالەکەت دەسرمەوە. دەفەرمووی یەکجار وەرە بۆ

ماڵەکەم(کەعبەی پیروز)وەک ئەو ڕۆژەت لیدەکەم کە لە دایک بوی

خوداکەمان زۆر بەرەحم و بەزەی ئەوە ئیمەین زولم لە خۆمان دەکەین و ناگەرینەوە بە دریژای ڕۆژەکە تاوان دەکەین و داوای لی خوشبون ناکەین. کی هەیە جاوەری تۆبیت تاکو لیت خۆش بیت تەنها خودا نەبیت کەس نیە بۆیە هەتا زوە بگەریوە بولای و داوای لیخۆشبون بکە

بی هیوا مەبن لە رەحمی خودا

دەگیرنەوە لە وەلاتیک ئافرەتیک مندالەکەی نەخوش بو وە توانای چارەسەر کردنی نیە هەموو شتی دەگریتە بەر. وە چاوەری رەحمی خودایە و هیجی لە دەست نایا مندالەکەی

خەریکە دەمریت ئومیدی زۆری بەخودا هەیە لە پریکدا

یەکیک لە دەرگا دەدا و دەجیت سەیر دەکات دکتوریکە و

دایکەکە توشی سەرسورمان دەبیت دکتورەکە دەلیت کوا

مندالە بچوکەکەت زیاتر توشی سەرسورمان دەبیت دایکەکە

دەلیت کام منال. دەلیت مندالە نەخوشەکەت. دەلیی لە کوییە

دەلیت لە ژوورەوەیە دەرون بیبینن. دەرونە لای مندالەکە و

جارەسەرەکەی بو دەنوسی دەیخاتە دەستی دایکی منالەکە

دایکەکەش دەلیت ناتوانم پارەی چارەسەرەکان

بدەم.دکتورەکە دەلیت سەیرە تەلەفۆنم بو دەکەیت و

جارەسەر دەکەم بۆت ناتەوی پارەکەم بدەیتی. ژنەکە

دەلیت من تەلەفونم بۆ کەس نەکردوە. دکتورەکە دەلیت. با

تۆ تەلەفونت کرد. وتت وەرە بۆ شوقەی ژمارە ٩

دایکەکە دەلیت. دکتور هەلەت کرد. ئیرە شوقەی ژمارە

١٠ لە تەنیشتمە ژمارە ٩ وە کاتیک دکتورەکە دەزانی

هەژارن. هیج پارەیان لی وەرناکری

بی هیوا مەبن لە رەحمەتی خودا هەمیشە بشتی بی ببستن ئەوە باشترینە و خودا لەکەل بەندەکانیەتی دەلیت خودا لەکەل گومانی بەندەکەیەتی بۆیە گومانی باش ببە و خودا لەکەلتە.

خودای گەورە لە لوتکەی تاواندا پیمان دەلیت گەیشتوینە لوتکەی تاوان زینات کردوە مەشروب خوراوە قەتلی کردوە خراپەکاری کردوە بەلام بزانە خودای گەورە چیمان پی دەلیت (قل یاعبادی الڑین أسرفوا علی أنفسهم لا تقنگوا من رحمە اللّٰه)واتا ئەی ئەوکەسانەی زیادەرەویتان کردوە لە تاواندا بی ئومید مەبن لە رەحمەتی خودا

هەر تاوانیکت کردبی خودا لیت خۆش دەبیت بی هیوا بون لە ئیسلام دا نیە پشتت بەخودا ببەستە و بی هیوا مەبە

قەت بی ئومید مەبن لە رەحمەتی خودا هەرجیەکم کردبی لیت خوش دەبیت تەنها تۆبە بکە و بکەریوە بەشیمان بە لەوەی کردوتە با بەر رەحمەتی بکەوی  خودا خۆشی دەوین ریزی لی ناوین بۆجی سەرپیجی بکەین کە سور دەزانین ئەگەر سەرپیچی بکەین لە ئاگردان و ئەگەر فەرمانەکانی جیبەجی بکەین بەهەشتی هەتا هەتایمان پی دەبەخەشیت بەرەحمی خۆی